دوو نزا هەرگیز ڕەت ناکرێنەوە، یان کەمجار ڕەت دەکرێنەوە: نزا لە کاتی (بیستنی) بانگدا، وبە درێژایی جەنگ کاتێک هەردوو سوپاکە جەنگ دەستپێدەکەن

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دوو نزا هەرگیز ڕەت ناکرێنەوە، یان کەمجار ڕەت دەکرێنەوە: نزا لە کاتی (بیستنی) بانگدا، وبە درێژایی جەنگ کاتێک هەردوو سوپاکە جەنگ دەستپێدەکەن».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە فەزڵی جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە ڕوونەدەکاتەوە، خودا وەڵامی نزای موجاهید وتێکۆشەر لە پێناو خوای گەورە دەداتەوە لەکاتی جەنگانی دژی دوژمندا، وهەروەها ڕوونکردنەوەی فەزڵی بانگدانی تێدایە؛ خوای گەورە وەڵامی نزای مسوڵمان دەداتەوە لەکاتی بانگدانەوە هەتاوەکو کاتی قامەت کردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5035